# بەهەشـــتی زیـــندان. !!

# مــــــریم. !

لە سویدەوە، شـــێرزاد هەیـــنی، دەینوسێت.
heinisherzad@hotmail.com



ئەم شەوە سپییە تاریکە، ئەم سەهۆلبەندانە گەرمە، بواری شەویان تەسك و تەنگکردم. نەمدەزانی تۆی رووح سپی، تۆی پێشمەرگەی بریندارى لەبیرکراو، تۆی جوتیاری چاوەروانی یەك دلۆپە ئاوی بارانی شیرین و رەحمەت، لە سامالّی لووس. هاتیتە ناو چاوی شەرم و بێ وەفاییمان. تۆ چاوەروانی.. !! یان من رێگام بزرکردووە، ناژانم بگەرێمەوە. لەناو ئەو گەردەلوولەدا لوولدراوم، شارەزا نیم. تۆ نادۆزمەوە، تۆش منت پێ نادۆزرێتەوە.. !!

هەموو دونیا یەك " مریم " یان هەیە. ئەو دونیایە گەورەیە. ئەو رەشانەی لە ئەفریقیا تازە دەبنە دەرۆێش و شەیدای تۆو هاتونەتە ئەم هەوارە، دەیانەوێت دووبارە مریەیان پێ بفرۆشنەوە، لە کەنیسە گومبەز باریك و بەرزو خاوێن و هێمنانەدا هامۆشوی سینگی ئەویان بکەنەوە. .

!! ئەو هەموو برسیانەی ئەو جیهانە گەورەیە، یەك مریەیان هەیە. من بە تەنیا یەك مریم هەیە، لەناو کەنیسەیەی وشکی " بەرانەتی" تەنیایە.

لەناو ئاسنی گەرمی ژان و چاوەروانیدا چەماوەتەوە. تەنیا جێماوەو ناترسێت، بەلاّم تەنیایی لێ ناوەشێتەوە. . .

چاوت نەماوە، تۆی بێ چاو، هەموومان دەبینی. تۆ، هەست بە هەموومان دەکەیت. تۆ، دەزانی لەم جیهانە بەرینە دوورەدا من و تۆ وا دانوستاغانە.

مریەی من، مریەی راستەقینەیە، هەموومان عیسای کوری ئەوین. هەموومانی ماچکردووە، زۆرمانی هەلّگرتووەو دوعای بۆکردووین. ئەو لە مریەکەی تر زۆرتری بۆ کردین.

لە بیرتانە شەوان، بە رۆژی هەزارەها چاو، بە شەوی ملیۆنەها ئەستێرەی چاوکراوە، ئێوەی دەشاردەوە. منداڵدانی ئەو گەورەبوو، بەشی زۆری دەکرد. هەموومان لەبیرمانە ئەو مریەی هەموومانە. . بەلاّم هەموومان تەنیا جێمان هێشت. . !!

مریەی ئێمە ئاشتی دەویست و شەرخوازبوو، تفەنگ و فیشەکی دەشاردەوە. مریەی من، ئازاتربوو، لە هەموو کورە عیساکان ئازاتربوو. پیادەبوو سواری پیرەکەرێکیش نەدەبوو. لە هەیوانی خانووە قوورەکەی چاوی سایدبوو. کەپووی بۆنی دەرکرد. هەر ئێمە دەچوین، بەشەوو بە رۆژو بە نهێنی و بە ئاشکرا دەچوین. من و تۆو ئەوی لەبیربوو، ئیمرۆش تەنیا بیرو هزرو زمانی دەگەرێت.

ئێستا چاوی نابینێ، بەلاّم گوێ لە هەوالەکان رادەگرێ، دەزانێ دەریاو شەپۆلی (ئیجە) ترسناکە، تۆ بەناو ئەو ئاوەدا پەریتەوە. ترساوە، قاچی نەماوە، چاوی نەماوە، ناجولێت، هەلّگێرو وەرگێری دەکەن، دەستی لەرزۆکی بە زەحمەتی کەوچکی خواردنی پێ دەگرێت، لەسەر ئەوە خەمی شەپۆلی ئاوی ئیجەی بوو، لە شێتی شەپۆل ترسابوو.

هێلە راست و بە بریقەکانی تەنیشتی کورتەکە کرماغیەکەی بە دووکەلّ رەشهەلّگەراوە. هەوریە سوورەکەی سەری لاربۆتەوە، بەرچاوی گرتووە، ئیشی پێنەماوە. روومەتە سوورەکەی جارانی چەرمێکی رەق و لووسە.

لەو بەرانەتیە وشك و بە درکەزەردانەی دوێنێ، تەنیا تۆ نەدەترسایت. تۆ لە گردەکانی گردەچالّ و زوورگەکانی شاخۆلاّن و داری شەکران قایمتربویت. . !!

www.kurdistannet.org
19/09/02 22:39

دەبێ ڕۆژو ساتەکانی شێرەژنی ئازا بەسەرچوبێت، ئەگەرنا تۆمان تەنیا لەو ژووره تاریکه بێ کارەباو بێ ئاوو بێ دڵنەوایی جێنەدەهێشت. . !! تۆ ژوورەکانی حەساره گەورەکەتان لەناویەکا کونبەدەر کردبوو، کونه فێرارو حەشارگەی شاردنەوەی تفەنگی پێچراوی ناو کۆنەگوش و کولاَنەکانت دامەزراندبوو. به هەمووانت دەووت:

مەترسن، پلکتان سابیده، مریم، هوشیارەو شەوان خەو ناچێته چاوانی، رووحی به قوربانتان دەکات. مینەو دەتەقێتەوە، ژیانی خۆی و گوندو کوڕو وەڵسات و جۆخین و بیستان و کاریتەکان و پیرەمێرده بەستەزمانه بێ ئاگاکەت دەخسته ترس و. . تەنیا ئەو نەدەترسا. ئەو شەوانه ئەو رۆژه زۆر درێژانه هەموو دەترسان. تفەنگی هەناو مشت گوللەی گڕدار، نارنجۆکی دەستی، مەتارەی ئاو، هەموویان، رێکخستنەکانی ناو شارو شوفێرەکەی نێوانیان، هەموو دەترسان، تەنیا مریم نەدەترسا، پشتی به عیساو سبەینێ قاییم بوو، وا ئیمرۆش پشتی به دیواره رەقەکەی دەخورێنێت. نه دەنگێ هەیە، دەنگەکان، لەناو رەشەبای گەردەلوولەی سینگی وشکاییەکان پەخش بوون، دووركەوتنەوە.

مریم، تەنیایه و چاوەکان یارمەتی نادەن، عیساکان نەمان، سلاَوەکان ئەوەنده درەنگ دێن کۆن دەبن.

کەس مریمی لەبیر نیه، مریم هەمووماني لەبیره. . !

ئەوان چاویان گەشەو ئەو نابین، ئەو نابینایه. . !! هەموویان دەبینی و ئەدرێسیان دەزانێ.

هەر ئەو خەمیان هەڵدەگرێت و کۆڵیان سووك دەکات.

هەر بەو چاوه ماندووانه بۆیان دەگرێت. بۆ زۆریان دەگرێت. کڕبوونەوەی نیه.